# كوردیی ڕەسەن هاوتای سەربڕەكان نییە

## سالار بابەشێخ

له سەردەمانێکدا كه ناوەندە نێودەوڵەتییەكان و زلهێزەكانی جیهان زیاتر لە هەر زەمەن و بارودۆخێك، كورد و دەسەڵاتە هەرێمییەكەیان خستۆتە ژێر چاودێرییەكی وردەوە، لە چاخێكدا كە رای گشتی لە سەرلەبەری دونیادا بیر لە ئەگەر و نەگەری بە دەوڵەتبوونی كورد دەكاتەوە، كەچی دابونەریتە سواوەكان و هەڵچوونە ناڕەواكان خەریكە ئەو ئاسۆیە نوقمی گومان دەكات!!

لە گەرمەی مل نەدانی وڵاتانی نادیموكراتیك بە شەپۆلی گۆڕانكارییەكانی ناوچەكەو لە هەڕەتی توندوتیژی و لە هەسان سووانی چەقۆ و كێرد و شیر، بۆ ملی یەكتر لە ناوەند و باشووری عێراق، لەو كاتە هەستیار و پڕ ئۆلتیماتۆمەدا، كورد بە گشتی سیمایەكی درەوشاوەی لە خۆی دەر خست و سەلماندی كە لە بەرەی تیرۆر و سەربڕیندا نییە و لە دژی دەوەستێتەوە، ئەگەر چی چەند شێخ زانایەك لە روخساری جیاوازدا هەڕەشەیان لەو خۆڕێكخستنەی كورد دەكرد كە بە سزای كرداری چەپەڵی خۆیان گەیشتن، بەڵام بێ بەزەیی و كوشتنی وەحشییانە و كردارێكی دڕندانە، كە دەشێ هەزار رەحمەت بۆ شێخ زاناكان بنێردرێ، لە رەفتاری كۆمەڵە گەنجێكی ئیزیدی دا دەر دەكەوێت كە گومانم نییە ئەوە كلتووری ئیزدییەكان نییە و ئەو تیرەیە زۆر شەریفترن لەوەی كاری وا بكەن، بەڵكو ئەوە چەندین پیلاندووری لە پشتەوەیە.. هەر لە تیرۆریستەكانی هاوتای شێخ زاناوە بگرە هەتا ئەلقاعیدەی ئۆسامە و ئەنسارو بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەكان كە فیتوای سەربڕینی مرۆ بە لایانەوە لە خواردنەوەی پەرداخێك ئاوی فێنك ئاسانترە، هەتا دەگاتە حكومەتە داگیركەرەكانی كوردستان بە هەموویانەوە، لە هەموو دەرگایەك دەدەن و بە هەموو كەڵێن و قوژبنێكدا دێنە ژووری بۆ ئەوەی رەسەنییەتی كورد و پێشینەی كورد و بنەماكانی نەتەوەیی قەومێكی كەونارای هەرگیز نەحەساوە ئاڵۆز بكەن و دادێی بخەنە مەترسییەوە. دەنا قەڵاچۆكردنی دیلێكی بێتاوان، بە تایبەتی كە ناسكترین بوونەوەری سەرگۆی زەوین بێت، ئەویش كوشتنی كچە شەنگێكی وەك "دوعا" دوورە لە هەموو نەریتێكی ئیزیدی و كوردی. بۆیە ئەز نەك تەنها حەز بە تۆڵەكردنەوە لە ئیزیدییەكان ناكەم، بەڵكو كوژرانی (23) یەزیدی لەكارگەی رستن و چنینی موسڵ بە پیلانێكی تری پیلاندووران دادەنێم هەتا هەرچی ئاژاوەی سەحرایە بە باری وشتر بێننە كوردستان. ئەگەر چی كورد هەردەم قوربانی رەشەكوژی بووە، بەڵام كاتی ئەوە نەماوە بە كەوچێك ئاوی نەیارانی بكەوێتە مەلە. بۆیە بڕوام وایە ئەوانەی سەریی كێژێكی بێگەرد و بێتاوونیان كردە نیشانەو بە بلۆك بەر بوونە گیانی، هەر ئەوانەن كە خۆیان دەتەقێننەوە و یەكی شوبات دەخولقێنن، هەر ئەوانەن چەند گەنجێكی ئیزیدیشیان هەڵخڵەتاندووە و ئەوانیشیان هێناوەتە ژێر ركێفی خۆیان و گاڵتە بە عەقڵی سیاسی كورد دەكەن. چونكە ئێمەی كورد سەوادی سیاسیمان كەمە و لە ئەزموونەكانیش پەند وەر ناگرین بۆیە هەتا دێت بە كەمترین هەڵە گلۆڵەمان دەكەوێتە لێژی.....

لەم گەمەیەشدا دۆڕاندمان و كوردە ڕەسەنەكانیش بوون بە قوربانی كەلتووری ئەلقاعیدە و شێخ زاناكان.. و... ئەوانەی بەرێوەن..!دەنا ئیزیدییەكان هەرگیز ژن كوژ نین و ئافرەتی خۆیان ناسووتێنن، ئەوان هاوتای سەربڕەكان نین.